لەسەر زەوی نوێژ بکە؛ ئەگەر توانیت، ئەگەر نا؛ سەرت نزم بکەرەوە، وبا سوجدە بردنت نزمتر بێت لە ڕکوع بردنت

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەردانی نەخۆشێکی کرد، بینی لەسەر سەرینێک نوێژ دەکات -ڕکوع یان سوجدەی لەسەر دەبات-، سەرینەکەی برد وفڕێی دا، (پیاوەکە) پارچە دارێکی هێنا بۆئەوەی نوێژی لەسەر بکات -ڕکوع یان سوجدەی لەسەر ببات-، پارچە دارەکەی برد وفڕێی دا، و-صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «لەسەر زەوی نوێژ بکە؛ ئەگەر توانیت، ئەگەر نا؛ سەرت نزم بکەرەوە (نیوەی سەرەوەی لاشەت نزم بکەرەوە)، وبا سوجدە بردنت نزمتر بێت لە ڕکوع بردنت».

[صەحیحە] [بەزار گێڕاویەتیەوە - بەیهەقی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە شێوازی نوێژکردنی ئەو نەخۆشە ڕوونەدەکاتەوە کە ناتوانێت سوجدە ببات لەسەر زەوی، واجب ئەوەیە بە پێی توانای نوێژ بکات، وپێویستە لە حاڵەتی ڕکوع بردن وسوجدە بردندا سەری (نیوەی سەرەوەی لاشەی) نزم ولاری بکاتەوە بەرەو خوارەوە -بەرەو ئاراستەی زەوی-، ودەبێت سەری لە حاڵەتی سوجدە بردندا نزمتر بێت لە حاڵەتی ڕکوع بردنی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10952